**ئەم پرۆژەیە ئامادەکراوەو دارشتنەوەی بۆ کراوە لە لایەن**

**لیژنەی یاسایی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە**

پاڵپشت بە حوکمی برگەی (٢)ی ماددەی (٨)ی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە ( )ی گرێدراو لە ( ) بریاری پێشنیارکردنی پرۆژە یاسای دەستەی کاروباری ئافرەتانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەم شێوەیەی خوارەوە، دەرکرد:

# یاسای ژمارە ( )ی ساڵی ٢٠١٨

# یاسای ئەنجومەنی کاروباری ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان - عێراق

## بەشی یەکەم

## پێناسەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم ووشەو دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە:

**یەکەم: هەرێم**: هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم: دەستە**: دەستەی کاروباری ئافرەتان لە هەرێم (هەڵدەوەشێندرێتەوە)

**دووەم: ئەنجومەن**: ئەنجومەنی کاروباری ئافرەتان لە هەرێم.

**سێیەم: سەرۆکی ئەنجومەن**: سەرۆکی ئەنجومەنی کاروباری ئافرەتان لە هەرێم. (زێدەکراوە)

## بەشی دووەم

## دامەزراندن و ئامانجەکان

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم:** (دووبارە دارشتنەوە)

ئەنجومەنێك بە ناوی (ئەنجومەنی کاروباری ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان) لە هەرێم دادەمەزرێت و خاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی دەبێت و سەرۆکی ئەنجومەن سەرۆکایەتی دەکات و بە ئەنجومەنی وەزیران دەبەسترێتەوەو بارەگاکەی لە شاری هەولێر دەبێت.

**دووەم:** ئەنجومەن سەرۆکێکی دەبێت بە پلەی وەزیرو نوێنەرایەتی ئەنجومەن دەکات لەبەردەم لایەنەکانی دیکەو بە مەرسومێکی هەرێمیی لەسەر پێشنیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ڕەزامەندی پەرلەمانی هەرێم دادەمەزرێت، بەو مەرجەی لە هاولاتیانی هەرێم بێت لەوانەی خاوەن شارەزایین لە بواری کاروباری ئافرەتان و بەلای کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت.

**سێیەم:** سەرۆکی ئەنجومەن جێگرێکی دەبێت بە پلەی تایبەت بە مەرسومێکی هەرێمیی لەسەر پێشنیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێت، بەو مەرجەی لە هاولاتیانی هەرێم بێت لەوانەی خاوەن شارەزایین لە بواری کاروباری ئافرەتان و بەلای کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و لە وەزیفەی گشتیدا بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێت ڕاژەی هەبێت.

**ماددەی سێیەم:**

ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتییە لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم:** مسۆگەرکردنی یەکسانی لە نێوان پیاوو ئافرەت لە سەرجەم بوارەکانی ژیان و دەستەبەرکردنی ئەو ماف و ئازادییانەی ئافرەتان کە لە دەستورو یاساو بەلگەنامە نێودەولەتییەکاندا دەقیان لەسەر کراوەو کارکردن لەسەر لابردنی گشت جۆرەکانی جیاکاری و توندوتیژی دژی ئافرەتان.

**دووەم:** مسۆگەرکردنی بەشداری ئافرەتی کوردستانی لە ژیاندا لە ئاستە کۆمەلایەتی و ئابووریی و یاسایی و سیاسی و رۆشنبیرییەکاندا، و بەشداربوونی لە دروستکردنی بڕیارەکان و بەرپرسیێتی سەرکردایەتی و پتەوکردنی رۆلی لە پرۆسەی گەشەسەندندا.

**سێیەم**: دابینکردنی پاراستنی کۆمەڵایەتی و یاسایی بۆ ئافرەتی کوردستانی و مسۆگەرکردنی شکۆمەندی و پێگە کۆمەڵایەتییەکەی وەك هاوڵاتییەکی خاوەن تەواوی مافەکانی لە گشت قۆناغەکانی ژیانیدا.

## بەشی سێیەم

## هەیکەلی ڕێکخستنی ئەنجومەن

**ماددەی چوارەم: ئەنجومەن:**

**یەکەم**: ئەنجومەنی کاروباری ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان لە سەرۆکی ئەنجومەن و ئەندامێتی هەر یەك لە جێگری سەرۆکی ئەنجومەن و بەڕێوەبەرە گشتی و ڕاوێژکارانی ئەنجومەن پێکدێت.

**دووەم**: ئەنجومەن سکرتێرێکی هەیەو دەبێتە بڕیاردەری ئەنجومەن، و مەرجە هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت.

**سێیەم**: ئەنجومەن هەر یەك لەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانەی خوارەوەی دەبێت: و هەر یەکێکیان بەڕێوە دەبردرێت لە لایەن فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و شارەزایی وەزیفی هەبێت لە بواری کاری ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی لە ئەستۆی دەگرێت بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

١- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری کارگێڕی و دارایی و یاسایی و پلاندانان.

٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن و توێژینەوەو دۆکیومێنتکردن.

٣- بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی کاروباری ئافرەتان لە پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان.

**چوارەم**: ئەنجومەن چەند ڕاوێژکارێکی هەیەو مەرجە لە هەر یەکێکیان بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و شارەزایی وەزیفی هەبێت بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

**پێنجەم**: نابێت نێوانی ئەو وەزیفانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە لەگەڵ پێگەو بەرپرسێتییە جۆراوجۆرەکانی یەکێتی و کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کۆبکرێنەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەنجومەن لەسەر بانگهێشتی سەرۆکەکەی هەر مانگێك یەکجار یان لە کاتی پێویستی بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی کۆدەبێتەوە، و بڕیارەکانی بە رەزامەندی زۆرینەی ئەندامە ئامادەبووەکانی وەردەگرێت و ئەگەر دەنگەکان یەکسان بن ئەوا ئەو لایەنە پێشدەخرێت کە سەرۆکی ئەنجومەن دەنگی لەگەڵ داوە.

## بەشی چوارەم

## تایبەتکارییەکانی ئەنجومەن

**ماددەی شەشەم:**

ئەنجومەن تایبەتکار دەبێت بەمانەی خوارەوە:

**یەکەم:** وێنەکێشانی ئەو سیاسەتانەی پەیوەستن بە پەرەپێدانی ئافرەتی کوردستانی و دیارکردنی ئەو کێشەو ئاستەنگانەی رووبەڕوویان دەبنەوە لەگەڵ دانانی رێگەچارەو میکانیزم بۆ چارەسەرکردنیان.

**دووەم:** کارکردن لەسەر جێبەجێکردنی سەرجەم ئەو رێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی پەیوەستن بە ماف و کاروباری ئافرەتانەوە ئەوانەی کۆماری عێراق بۆتە ئەندام تیایاندا.

**سێیەم:** پێشنیارکردنی پرۆژە یاساو پێڕەوی پەیوەندار بە رێکخستن و پەرەپێدانی کاروبارو پرسی ئافرەتان و بەرزکردنەوەیان بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

**چوارەم:** دانانی سیاسەت و بەرنامەی تایبەت بە راهێنان و شیاندنی ئافرەتان.

**پێنجەم:** دانانی میکانیزم و رێگە بۆ هێنانەدی یەکسانی و دەستەبەرکردنی هاودەرفەتی لە نێوان پیاوو ئافرەت و مسۆگەرکردنی سەرجەم ماف و ئازادییەکانی ئافرەت و مسۆگەرکردنی بەشداریی کارای شان بە شانی پیاو لە ژیانی سیاسی و گشت ئاستەکانی دیکەدا.

**شەشەم:** دانانی میکانیزم و رێکاری پێویست بۆ لابردنی سەرجەم دیاردەکانی توندوتیژی و جیاکاری دژی ئافرەتان و رێگەکانی پاراستنیان لە رووی کۆمەڵایەتی و یاساییەوە.

**حەوتەم:** هەماهەنگی و کارکردن لەگەڵ سەرجەم یەکێتی و کۆمەڵەی ئافرەتان و رێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ناوەوەو دەرەوە لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم یاسایە.

**هەشتەم**: کارکردن لەسەر دابینکردنی باشترین ڕێگەچارەی پاراستن و پێشکەشکردنی یارمەتی پێویست بۆ ئافرەتانی قوربانیانی جیاکاری و توندوتیژی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان.

**نۆیەم**: کارکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان بۆ پەرەپێدان و شیاندن و ڕۆشنبیرکردنی ئافرەت و کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی ڕێکخستنی خولی فێرکاری و ڕاهێنان و شیاندن و ئەنجامدانی ووڕکشۆپ و کۆڕو ئامادەکردنی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو ڕاپۆرت و بڵاوکردنەوەیان بە سەرجەم ئامرازەکاندا.

**دەیەم**: بڕیاردانی بەرنامەو پلان و ڕاپۆرتی پەیوەست بە پەرەپێدانی هەڵکەوتی ئافرەتان لە سەرجەم لایەنەکان ئەوانەی لە لایەن سەرۆکی ئەنجومەن و لایەنی حکومی و ناحکومیی پەیوەندار پێشکەشکراون.

**یازدەم**: بڕیاردانی بودجەی ئەنجومەن.

**دوازدەم**: پێشنیارکردنی دامەزراندنی جێگری سەرۆك و بەڕێوەبەرە گشتی و ڕاوێژکارانی ئەنجومەن.

**سێزدەم**: هێنانەکایە یان هەڵوەشاندنەوە یان لێکدان یان لێکجیاکردنەوە یان گۆڕینی بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەکان لەناو بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی سەر بە ئەنجومەن.

**چوارەم**: ڕەزامەندیدان لەسەر پشتبەستن بە شارەزایان لە پرسەکانی ئافرەتان لە کاتی پێویستیدا.

**پازدەم**: دەرکردنی بڕیارو ڕاسپاردەی پێویست بۆ پیادەکردنی ئەو تایبەتکارییانەی سەرەوە.

## بەشی پێنجەم

## تایبەتکارییەکانی سەرۆکی ئەنجومەن

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم**: سەرپەرشتیکردنی لایەنی جێبەجێکاری و کارگێڕیی ئەنجومەن و نوێنەرایەتی کردنی و ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران لەکاتی باسکردنی ئەو پرسانەی پەیوەستن بە کاروباری ئافرەتانەوە.

**دووەم**: کارکردن لەگەڵ جۆرەها لایەن و بە سەرجەم ئامرازە یاساییە بەردەستەکانەوە لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم یاسایە.

**سێیەم**: ئامادەکردنی ڕاپۆرت و پێشنیارکردنی بەرنامەو پلان دەربارەی ڕێگەکانی پەرەپێدانی هەڵکەوتی ئافرەتی کوردستانی لە سەرجەم بوارەکان و بەرزکردنەوەیان بۆ ئەنجومەن بە مەبەستی بڕیاردانی.

**چوارەم:** بەدواداچوونی کاری ئەنجومەن لە ڕێگەی هەماهەنگی کردنی تەواو لەگەڵ سەرجەم وەزارەت و فەرمانگەکانی دیکەو لایەنی ناحکومی لەپێناو جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەن و جێگیرکردنی سیاسەت و بەرنامەکانی و دیارکردنی ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوە لەگەڵ دانانی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان.

**پێنجەم:** پێشنیارکردنی بودجەی ئەنجومەن.

**شەشەم:** تەخویلکردنی هەندێك لە ئەرك و دەسەڵاتەکانی بۆ جێگرەکەی.

**حەوتەم:** پێشنیارکردنی دامەزراندنی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکان و هێنانەکایەی بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە یان لێکدانیان یان هەڵوەشاندنەوەیان یان لێکجیاکردنەوەیان یان گۆڕینیان هەروەها پێشنیارکردنی شارەزایان بۆ پشتبەست پێیانەوە.

**هەشتەم:** دیارکردنی ئەرك و میکانیزمەکانی کاری فەرمانگەکانی ئەنجومەن.

**نۆیەم:** پێشنیارکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەو پێشکەشکردنی بۆ ئەنجومەن بە مەبەستی ڕەزامەندیدان لەسەری.

**دەیەم:** هەر ئەرکێکی دیکە کە لە لایەن ئەنجومەنەوە پێی دەسپێردرێت.

## بەشی دەیەم

## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی هەشتەم:**

ئەنجومەن بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویستە لەسەر سەرجەم لایەنەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی دەیەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچوواندن

لەپێناو مسۆگەرکردنی یەکسانی نێوان پیاوو ئافرەت لە هەرێم و مسۆگەرکردنی سەرجەم مافەکانی ئافرەتی کوردستانی لەبەر ڕۆشنایی ڕێساکانی دەستورو یاساو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان و بە مەبەستی لابردنی جیاکاری دژی ئافرەتان و نەهێشتنی سەرجەم ڕواڵەتەکانی توندوتیژی و لێکەوتەکانی میراتی کۆمەڵایەتیی ڕابردوو ئەوانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە هەروەها دابینکردنی باشترین پاراستنی یاسایی و کۆمەڵایەتی بۆی ئەویش لە ڕێگەی دامەزراندنی ئەنجومەنێکی تایبەتمەند بە کاروباری ئافرەتان و لەئەستۆگرتنی گشت ئەو شتانەی پێویستن بۆ مسۆگەرکردنی هێنانەدی ئەو ئامانجانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، هەروەها بەستنەوەی ئەم ئەنجومەنە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمدا دەیخاتە بەردەم بەرپرسیارەتییەکانی بەرامبەر بەو ئافرەتانەی بەحەق نوێنەرایەتی نیوە گرنگەکەی کۆمەڵگە دەکەن و لە هەمان کاتدا تەواوکاری پێویست لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەندار بە کاروباری ئافرەتانەوە دەستەبەر دەکات بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی ئافرەتان لە هەرێمدا، ئەوا ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

بسم الله الرحمن الرحيم

کۆپی پرۆژەکە لە دوای پێداچوونەوەی لە لایەن

ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان – عێراق

# یاسای ژمارە ( )ی ساڵی ٢٠١٨

# یاسای ئەنجومەنی کاروباری ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان - عێراق

## بەشی یەکەم

## پێناسەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم ووشەو دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم: ئەنجومەن:** ئەنجومەنی کاروباری ئافرەتان لە هەرێم.

**سێیەم: سەرۆکی ئەنجومەن:** سەرۆکی ئەنجومەنی کاروباری ئافرەتان لە هەرێم.

## بەشی دووەم

## دامەزراندن و ئامانجەکان

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم:** ئەنجومەنێك بە ناوی (ئەنجومەنی کاروباری ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان) لە هەرێم دادەمەزرێت و خاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی دەبێت و سەرۆکی ئەنجومەن سەرۆکایەتی دەکات و بە ئەنجومەنی وەزیران دەبەسترێتەوەو بارەگاکەی لە شاری هەولێر دەبێت.

**دووەم:** ئەنجومەن سەرۆکێکی دەبێت بە پلەی وەزیرو نوێنەرایەتی ئەنجومەن دەکات لەبەردەم لایەنەکانی دیکەو بە مەرسومێکی هەرێمی لەسەر پێشنیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ڕەزامەندی پەرلەمانی هەرێم دادەمەزرێت، بەو مەرجەی لە هاولاتیانی هەرێم بێت لەوانەی خاوەن شارەزایین لە بواری کاروباری ئافرەتان و بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت.

**سێیەم:** سەرۆکی ئەنجومەن جێگرێکی دەبێت بە پلەی تایبەت بە مەرسومێکی هەرێمی لەسەر پێشنیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێت، بەو مەرجەی لە هاولاتیانی هەرێم بێت لەوانەی خاوەن شارەزایین لە بواری کاروباری ئافرەتان و بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و لە وەزیفەی گشتیدا بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێت ڕاژەی هەبێت.

**ماددەی سێیەم:**

ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتییە لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم:** مسۆگەرکردنی یەکسانی لە نێوان پیاوو ئافرەت لە سەرجەم بوارەکانی ژیان و دەستەبەرکردنی ئەو ماف و ئازادییانەی ئافرەتان کە لە دەستورو یاساو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا دەقیان لەسەر کراوەو کارکردن لەسەر لابردنی گشت جۆرەکانی جیاکاری و توندوتیژی دژی ئافرەتان.

**دووەم:** مسۆگەرکردنی بەشداری ئافرەتی کوردستانی لە ژیاندا لە ئاستە کۆمەلایەتی و ئابووریی و یاسایی و سیاسی و رۆشنبیرییەکاندا، و بەشداربوونی لە دروستکردنی بڕیارەکان و بەرپرسێتیی سەرکردایەتی و پتەوکردنی رۆڵی لە پرۆسەی گەشەسەندندا.

**سێیەم:** دابینکردنی پاراستنی کۆمەڵایەتی و یاسایی بۆ ئافرەتی کوردستانی و مسۆگەرکردنی شکۆمەندی و پێگە کۆمەڵایەتییەکەی وەك هاوڵاتییەکی خاوەن تەواوی مافەکانی لە گشت قۆناغەکانی ژیانیدا.

## بەشی سێیەم

## هەیکەلی ڕێکخستنی ئەنجومەن

**ماددەی چوارەم: ئەنجومەن:**

**یەکەم:** ئەنجومەنی کاروباری ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان لە سەرۆکی ئەنجومەن و ئەندامێتی هەر یەك لە جێگری سەرۆکی ئەنجومەن و بەڕێوەبەرە گشتی و ڕاوێژکارانی ئەنجومەن پێکدێت.

**دووەم:** ئەنجومەن سکرتێرێکی هەیەو دەبێتە بڕیاردەری ئەنجومەن، و مەرجە هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت.

**سێیەم:** ئەنجومەن هەر یەك لەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتییانەی خوارەوەی دەبێت: و هەر یەکێکیان بەڕێوە دەبردرێت لە لایەن فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و شارەزایی وەزیفی هەبێت لە بواری کاری ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی لە ئەستۆی دەگرێت بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

١- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری کارگێڕی و دارایی و یاسایی و پلاندانان.

٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن و توێژینەوەو دۆکیومێنتکردن.

٣- بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی کاروباری ئافرەتان لە پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان.

**چوارەم:** ئەنجومەن چەند ڕاوێژکارێکی هەیەو مەرجە لە هەر یەکێکیان بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و شارەزایی وەزیفی هەبێت بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

**پێنجەم:** نابێت نێوانی ئەو وەزیفانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە لەگەڵ پێگەو بەرپرسێتییە جۆراوجۆرەکانی یەکێتی و کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کۆبکرێنەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەنجومەن لەسەر بانگهێشتی سەرۆکەکەی هەر مانگێك یەکجار یان لە کاتی پێویستی بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی کۆدەبێتەوە، و بڕیارەکانی بە رەزامەندی زۆرینەی ئەندامە ئامادەبووەکانی وەردەگرێت و ئەگەر دەنگەکان یەکسان بن ئەوا ئەو لایەنە پێشدەخرێت کە سەرۆکی ئەنجومەن دەنگی لەگەڵ داوە.

## بەشی چوارەم

## تایبەتکارییەکانی ئەنجومەن

**ماددەی شەشەم:**

ئەنجومەن تایبەتکار دەبێت بەمانەی خوارەوە:

**یەکەم:** وێنەکێشانی ئەو سیاسەتانەی پەیوەستن بە پەرەپێدانی ئافرەتی کوردستانی و دیارکردنی ئەو کێشەو ئاستەنگانەی رووبەڕوویان دەبنەوە لەگەڵ دانانی رێگەچارەو میکانیزم بۆ چارەسەرکردنیان.

**دووەم:** کارکردن لەسەر جێبەجێکردنی سەرجەم ئەو رێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی پەیوەستن بە ماف و کاروباری ئافرەتانەوە ئەوانەی کۆماری عێراق بۆتە ئەندام تیایاندا.

**سێیەم:** پێشنیارکردنی پرۆژە یاساو پێڕەوی پەیوەندار بە رێکخستن و پەرەپێدانی کاروبارو پرسی ئافرەتان و بەرزکردنەوەیان بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

**چوارەم:** دانانی سیاسەت و بەرنامەی تایبەت بە راهێنان و شیاندنی ئافرەتان.

**پێنجەم:** دانانی میکانیزم و رێگە بۆ هێنانەدی یەکسانی و دەستەبەرکردنی هاودەرفەتی لە نێوان پیاوو ئافرەت و مسۆگەرکردنی سەرجەم ماف و ئازادییەکانی ئافرەت و مسۆگەرکردنی بەشداریی کارای شان بە شانی پیاو لە ژیانی سیاسی و گشت ئاستەکانی دیکەدا.

**شەشەم:** دانانی میکانیزم و رێکاری پێویست بۆ لابردنی سەرجەم دیاردەکانی توندوتیژی و جیاکاری دژی ئافرەتان و رێگەکانی پاراستنیان لە رووی کۆمەڵایەتی و یاساییەوە.

**حەوتەم:** هەماهەنگی و کارکردن لەگەڵ سەرجەم یەکێتی و کۆمەڵەی ئافرەتان و رێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ناوەوەو دەرەوە لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم یاسایە.

**هەشتەم:** کارکردن لەسەر دابینکردنی باشترین ڕێگەچارەی پاراستن و پێشکەشکردنی یارمەتی پێویست بۆ ئافرەتانی قوربانیانی جیاکاری و توندوتیژی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان.

**نۆیەم:** کارکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان بۆ پەرەپێدان و شیاندن و ڕۆشنبیرکردنی ئافرەت و کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی ڕێکخستنی خولی فێرکاری و ڕاهێنان و شیاندن و ئەنجامدانی ووِرکشۆپ و کۆڕو ئامادەکردنی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو ڕاپۆرت و بلاوکردنەوەیان بە سەرجەم ئامرازەکاندا.

**دەیەم:** بڕیاردانی بەرنامەو پلان و ڕاپۆرتی پەیوەست بە پەرەپێدانی هەلکەوتی ئافرەتان لە سەرجەم لایەنەکان ئەوانەی لە لایەن سەرۆکی ئەنجومەن و لایەنی حکومی و ناحکومیی پەیوەندار پێشکەشکراون.

**یازدەم:** بڕیاردانی بودجەی ئەنجومەن.

**دوازدەم:** پێشنیارکردنی دامەزراندنی جێگری سەرۆك و بەڕێوەبەرە گشتی و ڕاوێژکارانی ئەنجومەن.

**سێزدەم:** هێنانەکایە یان هەڵوەشاندنەوە یان لێکدان یان لێکجیاکردنەوە یان گۆڕینی بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەکان لەناو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بە ئەنجومەن.

**چوارەم:** ڕەزامەندیدان لەسەر پشتبەستن بە شارەزایان لە پرسەکانی ئافرەتان لە کاتی پێویستیدا.

**پازدەم:** دەرکردنی بڕیارو ڕاسپاردەی پێویست بۆ پیادەکردنی ئەو تایبەتکاریانەی سەرەوە.

## بەشی پێنجەم

## تایبەتکارییەکانی سەرۆکی ئەنجومەن

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم:** سەرپەرشتیکردنی لایەنی جێبەجێکاری و کارگێڕیی ئەنجومەن و نوێنەرایەتی کردنی و ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران لەکاتی باسکردنی ئەو پرسانەی پەیوەستن بە کاروباری ئافرەتانەوە.

**دووەم:** کارکردن لەگەڵ جۆرەها لایەن و بە سەرجەم ئامرازە یاساییە بەردەستەکانەوە لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم یاسایە.

**سێیەم:** ئامادەکردنی ڕاپۆرت و پێشنیارکردنی بەرنامەو پلان دەربارەی ڕێگەکانی پەرەپێدانی هەڵکەوتی ئافرەتی کوردستانی لە سەرجەم بوارەکان و بەرزکردنەوەیان بۆ ئەنجومەن بە مەبەستی بڕیاردانی.

**چوارەم:** بەدواداچوونی کاری ئەنجومەن لە ڕێگەی هەماهەنگی کردنی تەواو لەگەڵ سەرجەم وەزارەت و فەرمانگەکانی دیکەو لایەنی ناحکومی لەپێناو جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەن و جێگیرکردنی سیاسەت و بەرنامەکانی و دیارکردنی ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوە لەگەڵ دانانی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان.

**پێنجەم:** پێشنیارکردنی بودجەی ئەنجومەن.

**شەشەم:** تەخویلکردنی هەندێك لە ئەرك و دەسەڵاتەکانی بۆ جێگرەکەی.

**حەوتەم:** پێشنیارکردنی دامەزراندنی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکان و هێنانەکایەی بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە یان لێکدانیان یان هەڵوەشاندنەوەیان یان لێکجیاکردنەوەیان یان گۆڕینیان هەروەها پێشنیارکردنی شارەزایان بۆ پشتبەست پێیانەوە.

**هەشتەم:** دیارکردنی ئەرك و میکانیزمەکانی کاری فەرمانگەکانی ئەنجومەن.

**نۆیەم:** پێشنیارکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەو پێشکەشکردنی بۆ ئەنجومەن بە مەبەستی ڕەزامەندیدان لەسەری.

**دەیەم:** هەر ئەرکێکی دیکە کە لە لایەن ئەنجومەنەوە پێی دەسپێردرێت.

## بەشی دەیەم

## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی هەشتەم:**

ئەنجومەن بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویستە لەسەر سەرجەم لایەنەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی دەیەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچوواندن

لەپێناو مسۆگەرکردنی یەکسانی نێوان پیاوو ئافرەت لە هەرێم و مسۆگەرکردنی سەرجەم مافەکانی ئافرەتی کوردستانی لەبەر رۆشنایی ڕێساکانی دەستورو یاساو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان و بە مەبەستی لابردنی جیاکاری دژی ئافرەتان و نەهێشتنی سەرجەم رواڵەتەکانی توندوتیژی و لێکەوتەکانی میراتی کۆمەڵایەتیی رابردوو ئەوانەی رووبەڕوویان دەبێتەوە هەروەها دابینکردنی باشترین پاراستنی یاسایی و کۆمەڵایەتی بۆی ئەویش لە ڕێگەی دامەزراندنی ئەنجومەنێکی تایبەتمەند بە کاروباری ئافرەتان و لەئەستۆگرتنی گشت ئەو شتانەی پێویستن بۆ مسۆگەرکردنی هێنانەدی ئەو ئامانجانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، هەروەها بەستنەوەی ئەم ئەنجومەنە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمدا دەیخاتە بەردەم بەرپرسیارەتییەکانی بەرامبەر بەو ئافرەتانەی بەحەق نوێنەرایەتی نیوە گرنگەکەی کۆمەڵگە دەکەن و لە هەمان کاتدا تەواوکاری پێویست لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەندار بە کاروباری ئافرەتانەوە دەستەبەر دەکات بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی ئافرەتان لە هەرێمدا، ئەوا ئەم یاسایە دەرچووێندرا.